ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە (٥١) پاییز (٢٠٢٦)

سياسيـــــة، اجتماعية فصلية

# گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

2026

# هیوا له‌ سه‌رکه‌وتن به‌هادارتره

گۆڤاری ئازادیی کۆمه‌ڵگه‌ به‌ ناوه‌ڕۆک و په‌یامه‌کانی ڕاوه‌ستە لـه‌سه‌ر ده‌ربڕینی ئـه‌و هیوا نوێیه‌ ده‌کات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمه‌ڵگه‌

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وه‌رزییه‌

ژماره‌ ٥١ پاییز ٢٠٢٦



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

**شەهیدان:**

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین




**بەشداران**

جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**

**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیلڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کوردستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# بۆکچین و ئۆجالان؛

## دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ
و، هێمن کاکە

لە شوباتی ١٩٩٩، کاتێک عەبدوڵا ئۆجالان لە کینیا ڕفێندرا، مۆری بوکچن لە شاری بیرلینگتن لە هەرێمی ڤێرمۆنتی ئەمریکا لەگەڵ من دەژیا. دەستگیرکردنەکەی ئۆجالانمان لە هەواڵەکانەوە دیت. بۆکچین هاوسۆز و بەداخ بوو بۆ کێشەی کورد، بەڵام ئۆجالانی وەک یەکێکی دی لە ڕێبەرە پارتیزانییە مارکسیست–لینینیست و ستالینیستەکان دەبینی. مۆری بۆ ماوەی چەندین دەیە ڕەخنەی لەم جۆرە خەڵکانە دەگرت، ئەویش لە سۆنگەی ڕێبەرایەتیی هەڵەی خواست و ڕاپەڕینی خەڵک لە سەربەخۆییەوە بۆ دەسەڵاتداریێتیی و دۆگماتیزم و دەوڵەتگەرایی و ملکەچیی بۆ سەرمایەداریی.

بۆکچین بۆ خۆیشی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە هێشتا گەنجێکی هەرزەکار بوو، ستالینیست بوو. دواتر ئەم ڕێ و ڕێبازەی جێ هێشت و بوو بە کەسێکی ترۆتسکیست. لەو کاتەدا، ترۆتسکیستەکان وا بیریان دەکردەوە جەنگی جیهانیی دووەم بە شۆڕشی سۆسیالیستیی کرێکاریی لە ئەورووپا و ئەمریکا کۆتایی پێ دێت، هەروەک چۆن جەنگی جیهانیی یەکەم بە شۆڕش لە ڕووسیا کۆتایی هات. لە دەورانی جەنگدا، بۆکچین لە کارگەیەکدا کاری دەکرد و هەوڵی دەدا کرێکاران ڕێک بخات تا ڕاپەڕن و شۆڕش بەرپا بکەن، لێ نەیانکرد. پێشبینییەکانی بزووتنەوەی ترۆتسکیزم بەدی نەهات و شکستی هانی. زۆرێک، ئەگەر نەڵێین زۆرینەی ئەندامەکانی بە گشتیی وازیان لە مارکسیزم و سیاسەتی شۆڕشگێڕیی هێنا؛ بوون بە ئەکادیمیی و ئیدیتۆری مەگەزینەکان و کەمتازۆر لە نێو سیستەمدا ئیشیان دەکرد.

دوای ئەوەی چینی کرێکار چیتر دەستیان لە بیری شۆڕش بەردا، بۆکچینیش وازی لە مارکسیزم هێنا، بەڵام خۆی و هاوڕێکانی لەبری ئەوەی بچنە سەر بۆچوونە باوەکانی ڕۆژ، شتێکی جودایان کرد؛ وەک شۆڕشگێڕی شۆڕشی کومەڵایەتیی مانەوە. ئەوان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد گوایە ترۆتسکی پێش ئەوەی تیرۆر بکرێت، وتوویەتی ئەگەر جەنگ بە شۆڕش کۆتایی نەهات، ئەوا پێویستە بە فکری مارکسیزمدا بچنەوە. بۆیە لە پەنجاکاندا، بۆکچین و هەڤاڵانی هەموو هەفتەیەک کۆ دەبوونەوە تا ڕێگەی نوێ بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی بدۆزنەوە.

ئەوان دڵنیا بوون لەوەی سەرمایەداریی سیستمێکی شەلوپەلە و چەکی لەناوبردنی خۆی لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە. بەڵام ئەی ئەگەر ئەو چەکە چینی کرێکار نەبێت، دەبێت چی بێت؟ لە سەرەتای پەنجاکاندا بۆکچین بۆی دەرکەوت خاڵی لاواز و کێماسیی سەرمایەداریی ئەوەیە کە لە ناکۆکییدایە لەگەڵ ژینگەی سرووشتیی و ژینگە و تەندرووستیی مروڤ وێران دەکات. کشتوکاڵ بە پیشەسازیی دەکات، مرۆڤ و خواردنەکان پڕ دەکات لە ماددەی کیمیایی ژەهراویی، شاری زل و زەبەلاح درووست دەکات و خەڵکەکەی لە سرووشت دادەبڕێنێت، دەیانگۆڕێت بۆ ئامێر و ئازاری جەستە و مێشکیان دەدات. لە ڕێگەی ڕیکلامەکانەوە زیاتر هانیان دەدات تا پارەکانیان لە شتومەکی بێکەڵکدا بەهەدەر بدەن، جا بەو هۆیەوە زیانی زیاتر بە سرووشت دەگەیەنن. هەر

بۆیە قەیرانی سەرمایەداریی ڕەتاندنی کرێکاران نییە، بەڵکوو ئەو زیانانەیە وا بە مرۆڤ و سرووشتی دەگەیەنێت.

بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ژینگەپارێز، پێویستە شارەکان ناناوەندیی بن، بەو جۆرە خەڵک دەتوانن لە بازنەی بچووکتردا بژین و خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن، هەروەتر پێداویستییە خۆراکییەکانی خۆیان بەرهەم بێنن و وزەی خاوێن بەکار بێنن. ئەم کۆمەڵگا تازەیە لە ڕێی بازاڕ و دەوڵەتەوە ئاڕاستە ناکرێت و بەڕێوە نابرێت، بەڵکوو بە بڕیاری خەڵک بەڕێوە دەبرێت و بڕیارەکانیشیان لە ژێر ڕێنمایی ئەخلاقدا بە هەرەوەزیی دەدرێت.

بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی ئەقڵانیی و ژینگەپارێز، پێویستمان بە دەزگاگەلی کاریگەر هەیە کە بۆکچین پێی دەوتن «فۆرمەکاتی سەربەخۆیی.» پێویستە هەردوو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی و دەزگاکانی کۆمەڵگای نوێ، سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە پێش بخەن، ئەمەش بۆ ئەوەی نەبنە هۆی دروستکردنی ستالینێکی نوێ و ستەمکارییەکی دیکە لە ژێر ناوی سۆسیالیزم. هەروەها پێویستە ئەوەندە بەهێز بن کە بتوانن بە سەر سەمایەدارییدا زاڵبن و لەناوی بەرن.

ئەو بۆی دەرکەوت ئەم دامەزراوانە بێ ئەملاولا ئەنجوومەنە دیموکراتییەکانن. دەوڵەت-نەتەوەی ئێستە دەبێت لە نێو بچێت و دەسەڵاتەکانیان بگوازرێتەوە بۆ ئەو هاووڵاتییانەی لە ئەنجوومەنەکاندان. لە باتی ئیلیتی دەستڕۆیشتوو و سیاسییەکان،

ئەو خەڵکانە لە بارەی ژینگە و کێشەکانەوە بڕیارەکان دەر بکەن. پاش ئەوەی ئەنجوومەکان توانیان کاروبارە ناوچەییەکانی خۆیان باش بەڕێ بکەن، ئەودەم بە مەبەستی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان، لە ناوچەیەکی بەرفراوانتری جوگرافییدا دەتوانن لەتەک ئەنجوومەکانی تردا کۆنفیردراسیۆن پێک بێنن.

بۆکچین دە ساڵی دواتری بۆ برەودان و پێشخستنی ئایدیاکانی لەبارەی کۆمەڵگای ژینگەپارێز و دیموکراتیی تەرخان کرد. لە ساڵانی هەشتادا وتی؛ کۆنفیدراسیۆنی ئەنجوومەنەکانی هاووڵاتیان دەتوانن ببنە جۆرێک لە هێزی بەرانبەر و هاوشانی دەوڵەت-نەتەوە. ناوی ئەم بەرنامەیەی نا شارەوانییە ئازادەکان، پاشتر وشەی کۆمۆناڵیزمی بەکار هێنا.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەوڵی دا لە بارەی گرنگیی ئەم پرۆژەیەوە باوەڕ بە چەپەکانی تری ئەورووپا و ئەمریکا بێنێ. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا، زۆربەیان بە ماو و هۆشیمینە و فیدڵ کاسترۆوە حەیران و سەرقاڵ بوون. بۆکچین دەیوت؛ ئەوانە دیکتاتۆرن؛ بەڵام چەپەکان نەیاندەویست گوێیان لە ڕەخنەیەکی وەها بێت. ئەوان پێیان وابوو ئایدیای ژینگەپارێزیی و دیموکراسیی هی بۆژواکانی چینی ناوەندە. تەنیا ئەنارکیستەکان گوێیان بۆ بۆکچین گرت، چونکە ئایدیاکانی دژەدەوڵەتگەرایی بوون، جا بەم شێوەیە بوو بە یەکێک لە دیارترین ئەنارکیستەکان.

بە ئەنارکیستەکانی وت؛ ئایدیا و بەرنامەکانی لە بارەی

شارەوانییە ئازادەکانەوە، هەمان باوەڕە سیاسییە سرووشتییەکانی ئەوانە، کە تیۆری شۆڕشگێڕین. بە ڕێزەوە گوێیان بۆ دەگرت، بەڵام دواتر پێیان وت؛ چیتر حەزیان نە بە حکومەتە خۆجێییەکانە و نە هیچ جۆرێکی تری حکومەت و دەنگدانیشیان ڕەت دەکردەوە، چونکە پێیان وابوو؛ زۆرینە دەیباتەوە و کەمینە پشتگوێ دەخرێ. لەبری ئەوانە گرنگیاین بە گرووپە بچووکەکانی هاووڵاتییان و هەرەوەزکاریی و کتێبفرۆشییە ڕادیکاڵەکان و کۆمینەکان دەدا. بۆکچین پێی وا بوو؛ ئەوانە شتی باشن، لێ بۆ سەرپێخستنی شۆڕشێکی پێکۆڵ، پێویستت بە ڕێگەیەکەکی چالاک، ڕژد، سەراپاگیر، بنچینەیی و هێزی سیاسیی یاساییە. شارەوانییە ئازادەکان یەکێک بوون لە ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەو کارە و جێپێیەکی بەهێز بوون دژی دەوڵەت-نەتەوە.

بۆکچین هەوڵی زۆری دا تا ئەنارکیستەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. ئارگیومێنتی بۆ دەهێنانەوە، لێیان دەپاڕایەوە و هەر کارێکی لەدەست هات، کردی تا قایلیان بکات کە شارەوانییە ئازادەکان ئەو ڕێ و ڕێبازەیە وا ئەنارکیزم سیاسەت و بەرنامەی خۆی تیا بەرجەستە بکات. بەڵام ساڵی ١٩٩٩، ڕێک لەو دەمانەی ئۆجالان دەستگیر کرا، لە کۆتاییدا دانی پێدا نا شکستی هێناوە و دەستی کرد بە دوورکەوتنەوە لە ئەنارکیزم.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دەدا، زۆر ئاگاداری دادگاییەکەی ئۆجالان نەبووین لە دادگا، کە بە تۆمەتی ناپاکیی

بەڕێوە دەچوو. نەماندەزانی لە نێو وەرچەرخانێکی وەک ئەوەی بۆکچینی نیو سەدە لەمەوپێشدایە کە مارکسیزم-لینینیزمی بەرانبەر دیموکراسیی پەرچ دەدایەوە. گەشتبوو بەو ئەنجامەی مارکسیزم دەسەڵاتخواز و دۆگمایە و لە ئاست پرسە هەنووکەییەکانی ڕۆژدا دەستەپاچەیە. بە دادوەرەکانی وتبوو؛ کە «پێویستە لە ئاست پێویستیی ساتەوەختە مێژوویەکاندا وەڵامدەرەوە بین.» بۆ بەرەوپێشچوون، پێویست بوو کە «بە بیروباوەڕ، بەرنامە و پرەنسیپ و جۆری چالاکییەکانماندا بچینەوە.» ئەمە ئەو شتە بوو کە ڕەنگە پێویست بوایە بۆکچین لە ١٩٤٦ وتبای.

ئۆجالان بە دادوەرە تورکەکانی وت؛ سیستەمە ڕەقەکان دەڕوخێن و کێشە نەتەوەیی، ئیتنیکیی، ئایینیی، زمانیی و هەرێمییەکان تەنیا لە ڕێی سیستمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینەوە چارەسەر دەکرێن. هەروەها باسی لەوە کرد کە پەکەکە دەبێت واز لە ئامانجی درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی بێنێت و بە ئاڕاستەی دیموکراتیزەکردنی کۆی تورکیادا هەنگاو بهاوێت.

ئەو وتی؛ دیموکراسی کلیلی چارەسەری کێشەی کوردە، چونکە لەو سیستەمەدا هەموو هاوڵاتییەک مافی پارێزراوە و دەتوانێت دەنگ بدات، هەموو کەسێک دەتوانێت بەشداریی بکات، ئەویش بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ ئیتنیکێکە. دەوڵەتی تورک دەبێت دیموکراتیزە بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێت دان بە هەبوون و زمان و کەلتووری کوردییدا بنێت. ئەوە ئەنجومەنی دیموکراتی نەبوو وەک ئەوەی بۆکچین

بانگەشـەی بـۆ دەکـرد، بەڵکـوو ڕێـکاری لـە سـەر بـۆ خـوار بـوو. ئـەو ئامانجـەی ئـەو دەیخواسـت «کۆمـاری دیموکراتیـی» بـوو.

هـەروەهـا پێـی وابـوو دیموکراسـیی کلیلـە بـۆ داهاتـووی تورکیـاش، چونکـە بـە ڕاسـتیی تورکیـا بەبـێ کـورد ناگاتـە دیموکراسـیی. وڵاتانـی دیکـە پرسـە ئیتنیکییەکانـی خۆیـان بـە هێنانەنـاوەوەی ئـەو گرووپانـە بـۆ نێـو سیسـتەمەکەیان چارەسـەر کـردووە و لـە ئەنجامـدا ئـەو فرەڕەنگییـە وای کـردووە بەهێزتـر بـن. ئەمریـکا، هینـدسـتان و وڵاتانـی تریـش شـاهێدی ئـەوەن کـە پەژراندنـی جیاوازییەکان، دەتوانێـت وڵاتێـک باشـتر بـکات لـەوەی کـە هەیـە. بـەڵام دادوەرە تورکـەکان خۆشـیان لـە خـۆی و نـە لـە پەیامەکانـی هـات و بـە زای سـێدارە مەحکومیـان کـرد، پاشـتر سـزاکە بـۆ زینـدانـی تاکەکەسـیی هەمیشـەیی گـۆڕا.

جـاران بۆکچیـن دەیـوت؛ باشـترین ئەنارکیسـتەکان ئەوانـەن وا پێشـتر مارکسیسـت بـوون. ئەوانـە دەزانـن چـۆن بیـر بکەنـەوە و چـۆن لـۆژیکـی ئایدیاکانیـان بنەخشـێنن و لـە دیالەکتیـک تێدەگـەن. بێگومـان ئەگـەر یەکتریـان دیتبـا، ئـەوا ئـەو تواناییانـەی لە ئۆجالانـدا دەدۆزییەوە. هـەردووکیـان ماخـۆی زهنییەتێکـی دیالەکتیکیـی هاوبەشـن و لـە میراتـە مارکسـییەکەی ڕابردوویانـەوە بۆیـان بەجـێ مـاوە. نـەک لەبـەر دیالەکەلتیـک- ماتریاڵیسـتبوونی هـەردووکیـان، لەبـەر ئـەوەی هـەردوو دەیانزانـی ئـەم چەمکـە مارکسیسـتییە کافـی نییـە، چونکـە هـۆکارە مێژووییـەکان زۆرن و تەنیـا ئابووریـی نییـە. لـێ بـە دیالەکتیکیـی مانـەوە، چونکـە هەڵـوەدای پێواژۆکانـی گەشـەی مێـژوو بـوون.

دیالەکتیک ڕێگایەکە بۆ پێناسی بارگۆڕانی شتەکان، تەنیا گۆڕانی فیزیکیی نا، بەڵکوو ئەو گۆڕان پەرەسەندنانەش وا لە نێو بوونەوەر و کۆمەڵگەکاندا دەقۆمێن. ئەم گۆڕانانە بە هۆی دژەکانەوە (تێز و دژەتێز و کۆتێز)ـەوە ڕوو دەدەن. کاتێک دوو بیرۆکە یان هێزی جیاواز دەکەونە ناکۆکییەوە، ئەوا لەم پێواژۆیەدا، هەندێک شتی کۆن وەک خۆیان دەمێننەوە و هەندێک شتی نوێش سەربار دەبن. بەمەش شتێکی نوێ و باڵاتر هەڵدەڕەنگێت، ئەمە تێپەڕاندنی ئەوەیە وا هەبووە.

ئەوان هەڵوەدای بیرکردنەوە بوون لە پەرەسەندنی مێژوو. چەندین بەرهەمی گەورەیان لەمەڕ مێژووی شارستانییەت نووسیوە. لە ململانێی نێوان دەسەڵاتخوازان و ئەو خەڵکانەی وا بەرخۆدانیان لە دژ کردوون، حکومەتە توند و ستەمکارەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، کردووە دواون. بە پێچەوانەی مارکسییەکانەوە، ئەوان دیالەکتیکیان بۆ پێشبینیی ڕوودانی شۆڕشێکی گەورەی گردەبڕی ئایندە بەکار نەهانی، بەڵکوو باوەڕیان وابوو؛ داهاتوو پێشبینیی ناکرێت. لەبری ئەوە، دیالەکتیکیان کرد بە دەستپێچی نیشاندانی ئەگەرە جیاوازەکان و ئاماژەدان بە ئەگەری ڕووداوەکان و بیرکردنەوە لە هەنگاوی سیاسیی داهاتوو. بەم شێوەیە، جا بە مەبەست بێت یاخود بێمەبەست، مێژوویان کرد بە ڕێنوێنی جووڵەی گەل لە داهاتوودا.

هەردووکیان بە جیا سەبارەت بە ڕیشەکانی شارستانییەت نووسیویانە: لەمەڕ کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی سەردەمی بەردینی

کۆن (پالیۆلیتیک)؛ سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و خاوەندارێتیی تایبەت و کۆمەڵگەی چینایەتیی؛ سەرهەڵدانی ئایین؛ سەبارەت بە کارگێڕیی، دەوڵەتان، سوپا و ئیمپڕاتۆرییەتەکان، لەمەڕ پاشا و دەرەبەگ و فیودالیزم. هەروەها باسیان لە مۆدێرنە و سەرهەڵدانی ڕۆشنگەریی و زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازیی و سەرمایەداریی کردووە.

بۆکچین دوو بەرهەمی سەرەکیی سەبارەت بە شارستانییەت نووسی: ئیکۆلۆژیای ئازادیی (١٩٨٢) و شارستانیی دژی شار (١٩٨٦). ئۆجالانیش چەندین بابەتی نووسیوە نووسیوە، لەوانە، ڕەگەکانی شارستانییەت و پەکەکە و پرسی کورد و بەم تازەکییەش نەخشەڕێگا.

ئەوان چیرۆکی شارستانییەکانیان بۆ خزمەتی کێشە سیاسییەکانی ئێستا بەکار هێنا. پەڕتووکی «ئیکۆلۆژیای ئازادیی» مشتومڕێکە دژی ژینگەپارێزە سواو و ڕیفۆرمخوازەکان بەرەو ئاسۆی ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ. بۆکچین ویستی پیشانی ئەو لیبراڵە هۆشیارانە بدات کە دەتوانن ئامانجیان واوەتر لە ڕیفۆرمێکی سادەی دەوڵەت بێت و دەشێت و دەتوانن بیر لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ژینگەیی بکەنەوە. ئەوان پێیان وایە خەڵک لە ڕابردوودا بە هەرەوەزیی ژیاون و دەتوانن جارێکی دیکەش وا بژین.

بۆکچین باسی کۆمەڵگە مرۆییە سەرەتاییەکانی پێش نووسینی دەکرد، جا ناوی نابوون «کۆمەڵگەی ئۆرگانیی». ئەم کۆمەڵگایانە قەبیلەیی و کۆمیناڵ بوون و پلەداریی نەبوون. خەڵک پێکەوە بە هاوبەشیی دەژیان و کاریان دەکرد. ئەو هۆکاری ژیانی هەرەوەزیی

ئـەم کۆمەڵگانـە ئـاوا ڕوون دەکاتـەوە؛ سـەرەتا سـوودوەرگرتن (خەڵـک کاتـی پێویسـتیی سـەرچاوەکانیان بـەکار دەهێنـا.) پاشـان، تەواوکاریی (یارمەتیی یەکتریـان دەدا و بە ڕێزەوە کاریـان دەکرد.) هەروەهـا کەمترین پێویستیی (هەمـوو کەسێک مافی ئەوەی هەبوو پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی وەک خواردن، شـوێنی نیشـتەجێبوون و جلوبەرگی هەبێت.) ئەو نووسـیویەتی؛ لـە یەکگرتووییە بەهێزەکەی نێـوان تـاک و کۆمەڵگـەوە، هەسـتێکی یەکگرتوویـی لەگـەڵ ژینگـەش سـەری هەڵداوە. ئـەم کۆمەڵگا ئۆرگانییانـە بـە ئاشـتیی و هاوسـەنگیی لەگـەڵ سرووشـت دەژیـان.

پاشـان باسـی لـەوە کـرد کـە چـۆن کۆمەڵـگا هەنـگاو بـە هەنـگاو گـۆڕاوە. ڕوونـی کـردەوە چـۆن دەسـەڵات لـە کۆمەڵگـە سـەرەتایی و سرووشـتییەکانەوە بە هێواشـیی سـەری هەڵدا. سـەرەتا پیاوسـالاریی هاتـە ئـاراوە، جـا لەوێـڕا پیـاوان بـە سـەر ژنانـدا زاڵ بـوون. پاشـان فەرمانڕەوایی کەسـە بەتەمەنـەکان (پیرسـالاریی) سـەری هەڵدا. پـاش ئـەوە، شـامان و کاهینـەکان دەسـەڵاتیان بەدەسـت هێنـا، بەدوایـدا جەنگاوەران، سـەرۆک و دەوڵەتان، دواجاریش کۆمەڵگەی چینایەتیی. دواتـر خەڵـک ئـەو بیرۆکەیـەی پـەرە پێـدا، کـە دەکرێـت سرووشـت جڵەو بکرێت، بۆیـە دەسـتیان کرد بـە بینینی سرووشـت وەک شـتێک بۆ بەکارهێنـان و قۆسـتنەوە.

بـە لای بۆکچینـەوە، لـە تـەک مێـژووی دەسـەڵات و پلەدارییـدا، مێژوویەکـی تـری تەریبمـان هەیـە و مێـژووی ئازادییـە. زۆرێـک

لـە بزووتنـەوە ڕزگارییخـوازەکان، بیرۆکـە دێرینەکانـی کۆمەڵگـەی ئۆرگانییـان هەڵگرتـووە، وەک؛ هاوبەشـییکردنی سـەرچاوەکان (سـوودوەرگرتن)، یارمەتییدانـی یەکتـر (تەواوکایـی) و دابینکردنـی پێداویسـتییە سـەرەکییەکان (کەمترین ئاست) بۆ هەمـووان. بۆکچین باوەڕی وابوو؛ ئـەم ئایدیایانـە هێشتا دەرفـەت بـە خەڵـک دەدەن تا لە سـەرووی زاڵبوونـەوە بووەسـتن و کۆمەڵگەیەکی ئـازاد و هـەرەوەز پێکـەوە بنێن. کۆمەڵگەیەکی لـەو چەشـنە دەیتوانی لـە پەیوەندییەکی باشـتر و هەماهەنگتـردا لەگـەڵ سرووشـت بـژی. ئـەو ئـەم بیرۆکانـەی بـە ئیکۆلۆژیـای کۆمەڵایەتیی نـاو دەبـرد.

ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٢ـدا بـوو. لـە دووەم بەرهەمـی سـەبارەت بـە شارسـتانییەت، بـە نـاوی «بەشـاربوون بەبـێ شـار»، ویسـتی ڕەگـە مێژووییەکانی دیموکراسـیی ئەنجوومەنـەکان نیشـان بدات. نموونـەی ئەنجوومەنـی هاووڵاتییانـی لـە زۆر سـەردەم و شـوێندا دۆزییـەوە؛ ئەسـینای کۆن (ئیکلیسیا)، شـارۆچکە سـەرەتاییەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و هۆڵەنـدا، ڤێچێی ڕووسـیی پسـکۆڤ و نۆڤگۆرۆد، کۆبوونەوەکانـی کۆمونییەرۆ لە ئیسـپانیای سـەدەی ١٦، پاریسـی شۆڕشـگێڕ لە ١٧٩٣، لیژنە و ئەنجوومەنەکانی شۆڕشی ئەمریکا، یانەکانی پاریس لە ١٨٤٨، کۆمۆنـەی پاریـس لـە ١٨٧١، سـۆڤێتەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧، کۆمەڵـە هاوبەشـەکان لە ئیسـپانیای شۆڕشـگێڕ (١٩٣٦–٣٧) و کۆبوونەوەکانی شـارۆچکەکانی نیوئینگلاندی ئەمڕۆ، ئەو نیشـانی دا کە بە پێچەوانەی مارکسـییەکانەوە، شـوێنی شـۆڕش کارگـە نەبـووە، بەڵکـوو شـارۆچکە

و شارەوانییە ناوخۆییەکان بوو. کتێبی «بەشاربوون بەبێ شار»، بنچینە دیالەکتیکییەکانی شۆڕشی شارەوانییەکانی بۆ ئازادیی دژی دەوڵەت-نەتەوە لە خۆیدا هەڵگرتووە.

سەرەڕای ئەوەی لە دوورگەکەی لە زیندانی تاکەکسیی بوو، لێ ئۆجالان خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کرد. ئەو زۆر جار لە سەر شارستانییەتی نووسیوە. لە پەڕتووکی ڕیشەکانی شارستانییەت (٢٠٠١)دا، ویستی بیسەلمێنێت کە گەرەکە کۆماری دیموکراتیی تورکیا کوردەکانیش لەخۆ بگرێت. هەروەها باسی پرۆسەی پەرەسەندی کۆمەڵایەتیی و ئەو پرۆسە مێژووییە گەورانەی شارستانییەتی کرد وا ڕەگوڕیشەکانیان ئاو لە مێزۆپۆتامیا و سۆمەر دەخۆنەوە.

ئەو پێی وایە؛ زیگۆرات پەرستگە و ناوەندێکی کارگێڕیی و شوێنێک بوو بۆ بەرهەمهێنان، «منداڵدانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان» بوو. نهۆمی سەری سەرەوەی بۆ خواکان تەرخان کرابوو، بەڵام نهۆمی یەکەم بۆ بەرهەم و کەڵەکەی کاڵاکان بەکار دەهێنرا. پەرستگە وەک ناوەندێکی بەرهەمهێنانی ئابووریی وابوو. فەرمانڕەوایان وەک خوداوەندەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و باقی خەڵکیش دەبوو لە خزمەتی ئەواندا بن، جا وەک کرێکار کاریان بۆ بکەن، ئەویش لەسەر بنەمای ئابووریی پەرستگا.

زیگۆراتەکان «ئەو تاقیگانە بوون وا شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤیان داڕشت، ئەو شوێنانە بوون بۆ یەکەمین جار مرۆڤی گوێڕایەڵی لێوە پەیدا بوو.» هەروەها «یەکەمین ماڵی پیاوسالاریی

و یەکەمین خانەی لەشفرۆشیی» بوون. ئەو کاهینە سۆمەرییانەی درووستیان کردن، بوون بە «ئەندازیاری سێنترالیزەکردنی دەسەلاتی سیاسیی.» جا پەرستگاکان گەشەیان سەند و بوون بە شار، شارەکان گەشەیان سەند و بوون بە دەوڵەت، پاشان ئیمپراتۆرییەت و لە کۆتاییشدا شارستانییەت، بەلام سرووشتی دیاردەکە هەر وەک خۆی مایەوە: «مێژووی شارستانییەت هیچ نییە جگە لە نوسخەیەکی درێژکراوەی کۆمەڵگای سۆمەر، کە گەورەتر و فراوانتر و ئاڵۆزترە، لێ لەسەر هەمان بنچینە دێرینەکانی.» ئێمە هێشتاش لە سۆمەردا دەژین، هێشتاش لەو «داهێنانە زیرەکە ناوازەیەی» «لەو چەرخەوە تا ئێستا هەموو مێژوومانی داگیر کردووە.»

ئەو دیالەکتیکیانە وتی، ئەگەر شارستانییەتی سۆمەریی تێز بێت، ئەوە پێویستمان بە دژەتیزێکە و دەکرێت لە پرسی کورددا بیدۆزینەوە. بەرەنگاریی ئیتنیکی دژی شاری سۆمەریی، هێندەی مێژووی خودی شارەکە کەونارە. ئەمڕۆ دەکرێت فۆرمێکی باڵای دەوڵەتی سۆمەر لە کۆمارێکی سەرتاپێ دیموکراتییدا بدۆزرێتەوە و ماڵێک بێت کورد و تورک پێکڕا لێی بژین.

هیچ شتێک لەبارەی ئەو بیرمەندانەوە نازانم وا کاریان کردووەتە سەر ئۆجالان، فرە کەڕەت باسی والڕشتاین و برۆدێل و فۆکۆ دەکرێت. بەلام ئاشکرایە ئۆجالان ساڵی ٢٠٠٢ بە شێوەیەکی چڕ دەستی کردووە بە خوێندنەوەی بۆکچین، بەتایبەت «ئیکۆلۆژیای ئازادیی» و «بەشاربوون بەبێ شار".

دوای ئـەوە، لـە ڕێگـەی پارێزەرەکانییـەوە، پێشـنیاری پەڕتووکـی «بەشـاربوون بەبێ شار»ـی بۆ هەمـوو سـەرۆک شـارەوانییەکانی باکوری کوردسـتان و پەڕتووکی «ئیکۆلۆژیـای ئازادیی» بۆ هەموو میلیتانـەکان. کـرد لـە بەهـاری ٢٠٠٤ داوای لـە پارێزەرەکانـی کـرد؛ پەیوەندیی بـە مۆرایـەوە بکـەن، لـە ڕێگـەی کەسـێکەوە ئـەم کارەیان کرد و کابرا بۆ مۆرای ڕوون کردەوە ئۆجـالان خۆی بە فێرخوازی ئـەو دەزانێـت، تێگەیشـتنێکی باشـی بـۆ کارەکانـی هەیـە و پەرۆشـی جێبەجێکردنـی بیرۆکەکانییەتـی لـە کۆمەڵگەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. داوای دیالۆگێکـی لەگـەڵ مـۆرای کـرد و یەکێـک لـە دەستنووسـەکانی خـۆی بـۆ نـارد.

ئەگـەر ئـەو گفتوگۆیـە ڕووی بدایـە، زۆر سەرسـوڕهێنەر دەبـوو. بەداخـەوە مـۆرای لـە تەمەنـی هەشتاوسـێ ساڵیدا بـوو، زۆر نەخـۆش بـوو، قـورس بـوو بـۆی تـا بتوانێـت بانگهێشـتەکە پەسـەند بکات، بۆیـە بـە دڵگرانیی و ڕێزەوە ڕەتـی کـردەوە.

نووسینەکانی دواتـری ئۆجـالان کاریگەریـی خوێندنەوەی بۆکچینی پێوە دیارە. بەرهەمەکـەی ساڵی ٢٠٠٤ بـە نـاوی «بەرگرییکـردن لـە گەلێـک» باسـی شـێوازە کۆمەڵایەتییـە بنەڕەتییە کۆمۆناڵـەکان دەکات، وەک «کۆمەڵگـەی ئۆرگانیی»ـی مـۆرای، کـە ئۆجـالان نـاوی لـێ نـا «کۆمەڵگەی سرووشـتیی». ئەو دەبێژێـت؛ لە کۆمەڵگەی سرووشـتییدا خەڵـک «وەک بەشـێک لـە سرووشـت» ژیـاون و «کۆمەڵگـە مرۆییـەکان بەشـێک بـوون لـە ئیکۆلۆژیـای سرووشـتیی.» بابەتێکـی

لەمەڕ سەرهەڵدانی پلەداریی بەرباس دا و زۆر لەوەی بۆکچینەوە نزیک بوو: دەوڵەت «پلەبەندیی بە شێوەیەکی هەمیشەیی داسەپاند و کەڵەکەی بەها و کاڵاکانی بە ڕەوا دانا.» سەرباری ئەوەش، وتی، سەرهەڵدانی پلەداریی بیرۆکەی زاڵبوونی بەسەر سرووشتدا پەرە پێ دا: «لەبری ئەوەی بەشێک بن لە سرووشت،» کۆمەڵگەی پلەداریی «سرووشتی زیاتر و زیاتر وەک سەرچاوەیەک دەبینی.» ئۆجالان تەنانەت ئاماژەی بە سرووشتی دیالەکتیکیی پڕۆسەکەش کرد: «کۆمەڵگەی سرووشتیی لە سەرەتای مرۆڤایەتییدا تێزی بەرانبەر شێوازە پلەداریی و دەوڵەت-تەوەرەکانی دواتری کۆمەڵگەکانە کە دەبنە دژەتێز بۆی.

بەرهەمەکانیان لە سەر شارستانییەت خاڵی زۆری لێکچوو و جیاوازیان هەیە و لێگەڕینیان سەرنجڕاکێش دەبێت، بەڵام لە پێناو کورتکردنەوەدا، خۆم بە یەکێکیانەوە سنووردار دەکەم، ئەویش شێوازە جیاوازەکانی نووسینیانە دەربارەی مێژووی میزۆپۆتامیا.

ئۆجالان، وەک پێشتر وتم، جەختی لەوە کردەوە کە مێزۆپۆتامیا هەواری سەرهەڵدانی شارستانییەت بووە. بۆکچین هاوڕا بوو، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، کە نووسین لەوێ دەستی پێ کردووە: «نووسینی بزماریی... ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆمارە وردانەی وا کارگێڕانی پەرستگە سەبارەت بە کاڵا وەرگیراو و دابەشکراوەکان هەڵیان دەکۆڵین.» دواتر «ئەم هێمایانەی سەر تاتە قوڕینەکان» بوون بە «شێوازی گێڕانەوەیی نووسین،»، ئەمە پەرەسەندنێکی

پێشکەوتوو بوو. ئەو هاوڕا بوو کە پلەداریی، کاهن و دەوڵەت، لە سۆمەرەوە دەستیان پێ کردووە، هەرچەند ڕای وابوو شارستانییەتە کۆنەکانی مێزۆئەمریکا، پەرەسەندنێکی هاوتەریبیان بەخۆوە بینیوە. بەڵام ئەوەی وا دەردەکەوێت زۆرترین کاریگەریی لە سەر درووست کردبێت، شوێنەواری بەرگریی بوو، لە سۆمەر «یەکەم دەوڵەت–شارەکان لەلایەن ئەنجوومەنە یەکسانخوازەکانەوە بەڕێوە دەبران و ئازادییەکی بێوێنەیان هەبوو.» دوای سەرهەڵدانی پاشایەتیی، «بەڵگەی شۆڕشی جەماوەریی هەیە، لەوانەیە بۆ گەڕاندنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی پێشوو و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاشا بووبێت.» تەنانەت «فەرمانڕەوا ئینسیی(i) و سەرکردە سەربازییەکان، بەردەوام لەلایەن کۆبوونەوە جەماوەرییەکانەوە کۆنترۆڵ کراون.“

ئەوەی سەرسامیی دەکرد، وشەی ئازادیی (ئەمارگیی) بوو، ئەم پەیڤە یەکەم جار لە مێژووی تۆمارکراودا لە سۆمەر، لەسەر تاتەقوڕێکی بزماریی سۆمەریی دەرکەوت، تێچنەکە باسی شۆڕشێکی جەماوەریی سەرکەوتوو دەکات دژی پاشایەتییەکی ستەمکار.

دوای خوێندنەوەی بۆکچین، ئۆجالان تێبینیی وشەی «ئامارگیی» کرد، بەڵام زۆر جەختی لێ نەکردەوە. لەگەڵ ئەوەش، زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی بە سەردەمی بەردینی نوێ (نیۆلیتیک)ـەوە بەستەوە و وتی؛ «شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵگە کوردییەکان، هاوشێوەی کۆمەڵگە دێرینەکانی سەردەمی بەردینی نوێیە.» تەنانەت ئەمڕۆش، کۆمەڵگەی کوردیی تایبەتمەندییە

(i) نازناوێک بووە بۆ فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی سۆمەر.

هەرەوەزییەکانی کۆمەڵگەی ئۆرگانیی پاراستووە. کوردەکان زۆر جار سیستەمی کلان و کۆنفیدراسیۆنی هۆزایەتییان پەیڕەو کردووە و هەوڵیان داوە بەرەنگاریی حکومەتە ناوەندگەراکان ببنەوە. ئەوان هەڵگری ماتەوزەی ئازادیی و سەربەخۆیین.

وەک دوو مارکسیست، بۆکچین و ئۆجالان دەیانزانی پێواژۆ ماتریاڵییە-دیالەکتیکییە مێژووییەکان ڕژد و توندوتۆڵن و وەک یاسا کار دەکەن، سا بۆیە ناکرێت خۆمان لە سەرئەنجامەکانیان بدزینەوە، وەک سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە و سەرمایەداریی. بەڵام لە «ئیکۆلۆژیای ئازادیی»دا، بۆکچین، کە وازی لە مارکسیزم هێنابوو، دژی ئەم بیرۆکەیەی یاسا کۆمەڵایەتییە جێگیرەکان دەوەستایەوە و وتی؛ ئەم بیرۆکانە مەترسیدارن. مەرام لەم بیرۆکانە، ناچارکردنی خەڵکە تا گوێڕایەڵیی سیستەمە دەسەڵاتخوازەکان بن، بۆ نموونە؛ وەک سەردەمی ستالینیزم. هەروەها ئیرادە و هێزی هەڵبژاردنی مرۆڤیان لە ڕەنگاندنی مێژوودا پشتگوێ خستووە. باوەڕبوون بەم «یاسایانە» وا لە خەڵک دەکات هەست بە گیرخواردن و بێهێزیی بکەن. ڕاستییەکەی بۆکچین بەڵگەکاریی بۆ ئەوە دەکرد کە تەنانەت سەرهەڵدانی پلەدارییش حەتمیی نەبووە، جا دەتوانین شتەکان هەڵگێڕینەوە و بیر لە داهاتوویەکی ئازاد بکەینەوە. مرۆڤەکان پێشتریش لە کۆمەڵگەی هاوبەشدا ژیاون و دەتوانین دووبارە پێکی بهێنینەوە. یادەوەریی ئەم کۆمەڵگا دێرینانە یارمەتیی خەڵک دەدات تا هەست بە پابەندبوونێکی سرووشتیی بە ئازادییەوە بکەن. بە

بڕوای ئەو ئەمە بیرۆکەی بنچینەیی «ئیکۆلۆژیای ئازادیی»ـیە.

بە خوێندنەوەی پەڕتووکی «بەرگرییکردن لە گەلێک»ـی ئۆجالان، هەستم بە هەمان ئەو چێژە کرد وا یەکەم جار و ساڵی ١٩٨٥ «ئیکۆلۆژیای ئازادیی»ـم خوێندەوە. دڵخۆش بووم کاتێک تێگەیشتم مرۆڤەکان ڕۆژگارێک بە کۆمۆناڵ و هاوبەشیی ژیاون (شتیان هاوبەش کردووە و یارمەتیی یەکتریان داوە) و ئەگەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییمان بگۆڕین، ئەوا دەتوانین جارێکی تر بەم شێوەیە بژیینەوە. بیرۆکەی کەمترین ئاستی پێویستیی "irreducible minimum" ئێستا ناوی نوێی هەیە، وەک سۆسیالیزم. پەڕتووکی «ئیکۆلۆژیای ئازادیی» ئەوە بە خوێنەران دەبەخشێت کە مۆری ناوی لێ نابوو «بنەمای هیوا»، بێگومان ئەمە بۆ ئۆجالانی زیندانیی شتێکی واتادار دەبێت.

ئۆجالان ساڵی ٢٠٠٤ نووسیویەتی، «سەرکەوتنی سەرمایەداریی تاکە چارەنووس و سەرەنجام نەبوو. مێژوو دەیتوانی بە ڕێگایەکی جیاوازتریشدا بڕوات.» وتبووی ئەو بیرکردنەوەیەی سەرمایەداریی و دەوڵەت-نەتەوە بە شتێکی حەتمی دادەنێت، خوێن دەڕژێنێتە ئاشی دەسەڵاتداران. لەبری ئەوە نووسیویەتی، «هەمیشە دەرفەتێک بۆ ڕوودانی شتەکان وا لە گۆڕێ... هەمیشە بژاردەیەک بۆ ئازادیی هەیە».

دیوە کۆمۆناڵەکانی «کۆمەڵگەی سرووشتیی» هێشتا لە نێو ئەو گرووپە نەتەوەیی و تەڤگەرە چینایەتیی و پێڕە ئایینیی و فەلسەفییانەدا هەیە وا بۆ ئازادیی دەجەنگن. ئۆجالان نووسیویەتی، «کۆمەڵگەی

سرووشتیی هەرگیز لەناو نەچووە». لە مێژووی ڕۆژئاوادا، هەمیشە ململانێیەکی دیالەکتیکیی لە نێوان ئازادیی و باڵادەستییدا هەبووە، ئەو دەڵێت؛ ئەمە «شەڕێکی بەردەوامی نێوان ئەو هۆکارە دیموکراتییانەیە وا بۆ بنەما کۆمۆناڵەکان دەگەڕێنەوە لەگەڵ ئەوانەی چەکی دەستیان هێز و جەنگە». وتوشییەتی؛ «کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ هەمیشە لەتەک کۆمەڵگەی پلەدارییدا وا لە ململانێدا».

لە کۆتاییدا، ئۆجالان ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی پەسەند کرد. ساڵی ٢٠٠٤ نووسی؛ «گرفتی ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی لەگەڵ شارستانییەتدا دەست پێ دەکات،» چونکە لەوێش دەتوانین ڕەگوڕیشەکانی شارستانییەت بدۆزینەوە کە «کاولکاریی ژینگەیی سرووشتیی دەست پێ دەکات.» کۆمەڵگەی سرووشتیی لەگەڵ کۆمەڵگای ئیکۆلۆژییدا هەماهەنگ بوو. هەمان ئەو هێزانەی لە ناوخۆوە کۆمەڵگەیان ڕووخاند، ڕایەڵی پەیوەندیشیان بە سرووشتەوە قرتاند. سەرمایەداریی دژی سروشتە و پێویستمان بە خەباتێکی ئەخلاقییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی. ڕەنجێکی ئەخلاقیی هۆشیارانە و ئێتیکیکی کۆمەڵایەتیی تازە، کە هاوتەرازی بەها تراديشناڵەکان بێت. ئازادیی ژنان پایە و کۆڵەکەیە. هەروەها ئەو بانگەوازی بۆ «کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیی-ئیکۆلۆژیی»ی دەکرد کە بە پێودانگێکی ئەخلاقیی بنیاد نرابێت و خەڵک لە هاوسەنگییەکی دیالەکتیکییدا بن لێل سرووشت، هەروەتر لە ڕێی دیموکراسیی ڕاستەوخۆوە دەستیان بە ئاسۆی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییدا ڕابگات.

چۆن هەموو ئەمانە بە پرسی کوردەوە ڕایەڵ کران؟ جارێکی دی ئۆجالان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەدەستهێنانی ئازادیی بۆ کوردان، واتای بەدەستهێنانی ئازادییە بۆ هەمووان. ئەو نووسیویەتی، «دەبێت چارەسەر تەنێ بۆ گەلی کورد نەبێت، بەڵکوو بۆ هەموو گەلان کارا بێت. من لەسەر بنەمای یەک هیومانیزم، یەک مرۆڤایەتیی، یەک سرووشت و یەک گەردوون، لەم کێشانە نزیک دەبمەوە». بەڵام ئێستا، لەبری کۆماری دیموکراتیی، گەرەکە ئەم ئازادییە بە دەساوێژی دیموکراسیی ئەنجوومەنئاسا بەدەست بهێنرێت.

ئەو دەڵێت؛ یەکەم ئەرکی ئێمە پاڵپشتییە بۆ دیموکراتیزەکردنی هەبوونە نادەوڵەتیی و ڕێکخستنە کۆمۆناڵەکان. لەبری ئەوەی تەنها سەرنج لە سەر گۆڕینی دەستووری تورکیا بێت، داوای کرد کوردان لە سەر ئاستی ناوخۆیی ڕێکخراو درووست بکەن: ئەنجومەنە شارۆچکەییەکان، ئیدارەی شارەوانیی، تا دەگاتە قەزا و شارۆچکە و گوندەکان. پێویستە پارتی سیاسیی خۆجێیی نوێ و کۆمەڵەی ئابووریی هەرەوەزیی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤ و مافی ژن و منداڵان، مافی ئاژەڵان و هەموو ئەو بابەتانەی تر دەکەن، کە پێویستە چارەسەر بکرێن، پێک بهێنن.

پێویستمان بە «کۆمەڵە هەرێمییەکانی ئیدارەی شارەوانییەکان»ـە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوە ناوخۆیانە تۆڕێک پێک بهێنن. دەبێت لە بەرزترین ئاستدا نوێنەرایەتییان لە «کۆنگرەی گشتیی گەل»ـدا هەبێت، ئەمە مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی

وەک؛ «سیاسەت، پاراستنی جەوهەریی، یاسا، ڕەوشت، ئابووریی، زانست، هونەر و خۆشگوزەرانیی دەکات، ئەویش لە ڕێی بەدامەزراوەییکردن و ڕێسا و میکانیزمەکانی چاودێرییەوە».

هەنگاوبەهەنگاو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان، سەرپاکی تورکیا دەکەوێت سەر باری دیموکراتیزەبوون. ئەو دامەزراوانە لە سەرووی سنوورە نەتەوەییەکانەوە پەیوەندیی دادەمەزرێنن تا ئاسانکاریی بۆ ڕاهێڵکردنی شارستانییەتی دیموکراتیی بۆ تەواوی ناوچەکە بکەن. جا ئەمە نەک تەنیا ئازادیی بۆ کوردان فەراهەم دەکات، بەڵکوو نوێبوونەوەی کەلتووریی و سیاسییش لەگەڵ خۆی بۆ هەمووان دەهێنێت. لە کۆتاییدا، یەکێتییەکی فیدراڵیی دیموکراتیی دەیتوانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. ئۆجالان ئەم وەشانە کوردییەی شارەوانییە ئازادەکانی بە «کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی» ناو برد.

لە مانگی ئازاری ٢٠٠٥، ئۆجالان «بەیاننامەی کۆنفیدراڵیزمیی دیموکراتیی» لە کوردستان بڵاو کردەوە. لەوێ داوای «دیموکراسییەکی بنچینەیی بە پێودانگی دیموکراسییەکی کۆمۆناڵی کۆمەڵگەی سرووشتیی» کرابوو. «کۆمەڵەی گوند و شارۆچکە و شارەکان دابمەزرێن و بڕیاری ڕاستەقینە بە نوێنەرەکانیان بسپێردرێت، ئەمەش لە کردەوەدا واتای ئەوەیە، خەڵک و کۆمەڵگە بڕیار دەدەن.» کۆنفیدراڵییە دیموکراتییەکەی ئۆجالان ئەو هەنگاوە بلیمەتانەیەیە وا ئازادیی کوردان بە ئازادیی مرۆڤایەتییەوە دەبەستێتەوە. مافەکانی

تـاک و ئازادیـی ڕادەربڕیـن بـۆ هەمـووان دەسـتەبەر دەکات، ئەمـە بـێ گوێدانـە جیاوازییـە ئایینیـی، نەتەوەیـی و چینایەتییـەکان. «مۆدێلێکـی کۆمەڵگـەی ژینگەیـی پـەرە پـێ دەدات» و پشـتگیریی ئازادیـی ژنـان دەکات. ئـەم بەرنامەیـەی بـەم ڕەنگـە بـۆ گەلەکـەی پێشـنیار کـرد: «بانگەواز لـە هەمـوو بەشـەکانی کۆمەڵگـە دەکـەم، بـە تایبـەت تێکڕای ژنـان و گەنجـان، ڕێکخـراوە دیموکراتییەکانـی خۆیـان دابمەزرێنـن و خۆیان خۆبەڕێوەبـەر بن.» کاتێک لـە پاییزی ٢٠١١ سـەردانی ئامـەدم کـرد، بـۆم دەرکـەوت، ڕاسـتەوخۆ کـوردان لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ئـەم بەرنامەیەیـان خسـتووەتە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

تـا سـاڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ئۆجـالان وازی لـە هەوڵـدان هێنابـوو یـان سـەرنجی لەمـەڕ دیموکراتیکردنی لـە سـەر بۆ خـواری دەوڵـەت گـۆڕی بـوو. سـاڵی ٢٠٠٥ نووسـیویەتی، «بیرۆکـەی دیموکراتیکردنـی دەوڵـەت لـە جێـی خـۆی نییـە». ئـەو پێـی وابوو؛ دەوڵەت چەکوشـی سـتەمکارییە، «مۆدێلیی چینی دەسـەڵاتدارە» و یەکێکە لە مەترسیدارترین بابەتەکانی مێژوو. بۆ دیموکراسییش زیانبەخشـە، «نەخۆشییەکە» و تـا دەوڵـەت هەبێـت، «ناتوانیـن سیسـتەمێکی دیموکراتیـی درووسـت بکەیـن.“ ئـەو دەبێژێـت؛ کـورد و لایەنگرانیـان «هەرگیـز نابێـت پـێ لـە سـەر دەوڵـەت داگـرن» یـان هـەوڵ بـدەن ببنـە دەوڵـەت. ئـەوە دیموکراسـیی لاواز دەکات و یارمەتیی سیسـتەمی سـەرمایەداریی دەدات.

ئەم بیرۆکەیە زۆر ڕوونە و لەگەڵ پلانی شۆڕشگێڕانەی بۆکچیندا دەگونجێـت. ئـەو دەڵێـت؛ کاتێـک ئەنجوومەنەکانـی هاوولاتییـان

دروووست دەکرێن و پێکەوە دەبەسترێن، دەتوانن «دەسەڵاتێکی دووڵانەیی Dual power» بۆ ئاڵنگاریی دەوڵەتی نەتەوەیی پێک بهێنن. ئەم دەسەڵاتە دووانەییە لە کۆتاییدا دەتوانێت دەوڵەت بڕوخێنێت و جێگەی بگرێتەوە. بۆکچین بیرۆکەی دەسەڵاتی دووانەیی لە ترۆتسکیی وەرگرتووە. ترۆتسکیی لە «مێژووی شۆڕشی ڕووسیا»دا نووسیویەتی؛ پاش شوباتی ١٩١٧، کاتێک حکومەتە کاتییەکان لە دەسەڵات بوون، پترۆگراد سۆڤییەتی کرێکاران بووە دەسەڵاتێکی دووانەیی لە دژیان. دواتر ئەمە بووە پاڵپشتی پێشەنگێتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. بە هەمان شێوە، دەکرێت تۆڕێک لە کۆنفیدراسیۆنی کۆمۆناڵیست لە دۆخێکی شۆڕشگێڕیدا ببێتە دژدەسەڵات، دەسەڵاتێکی دووانە.

بەڵام ئۆجالان، لە هەمان بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٤ (بەرگریکردن لە گەلێک)، پەیامێکی ناکۆک دەربارەی دەوڵەت دەنێرێت: «بە ڕای من، ڕاست نییە کە پێویستە دەوڵەت هەڵبوەشێنرێتەوە و بە شتێکی تر جێی بگیرێتەوە.» گەیشتن بە دیموکراسیی لە ڕێی تێکشکاندنی دەوڵەتەوە «وهمیی»یە. بەڵکوو دەکرێت و دەبێت دەوڵەت بچووکتر ببێتەوە و لە هەندێ بواردا سنووردار بکرێت. هەندێک لە ئەرکەکانی پێویستن: بۆ نموونە، ئاسایشی گشتیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و بەرگریی نیشتمانیی. کۆنگرەی کۆنفیدراڵی دیموکراسیی دەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات» وا دەوڵەت بە تەنیا ناتوانێت چارەسەریان بکات.» دەوڵەتێکی سنووردار دەتوانێت «هاوتەریب» لەگەڵ دیموکراسیی پێکەوە بژی.

وا دیارە ئەم ناكۆكییە خودی ئۆجالانیشی بێزار كردبێت. ئەو بە پێداگرییەوە نووسیویەتی؛ «دەوڵەت وەک دیاردەیەكی جانووس(i)ی دەمێنێتەوە.» وا دیارە بابەتەكە هێشتا بۆ ئەو ڕوون نییە، ئەمەش جێی تێگەیشتنە. هەروەها ژیرانە نووسیویەتی؛ «سەردەمی ئێستای ئێمە قۆناغی گواستنەوەیە لە دەوڵەتەوە بۆ دیموكراسیی، لە قۆناغی گواستنەوەدا، زۆر جار كۆن و نوێ شانبەشانی یەک بوونیان هەیە.“

بزووتنەوەی كۆمۆناڵیستیی بۆكچین، هەرگیز نەگەیشتە ئەو ئاستە كردارییەی بزووتنەوەكەی ئۆجالان، بەڵام ئەگەر بشگەیشتایە، بە ئەگەری زۆرەوە ڕووبەڕووی هەمان كێشە دەبووەوە. چەمكی بەرنامەیەكی گواستنەوە، كە بۆكچین لە بۆنەی وادا بەكاری دەهێنا، ڕەنگە لێرەدا یارمەتیدەر بێت. ئەو سێ جۆر پرۆگرامی ڕوون كردەوە: پرۆگرامی كەمترین (چاكسازیی بچووک لەمەڕ پرسە دیارییكراوەكان)، پرۆگرامی گواستنەوە (وەک ڕێبازی ئۆجالان) و پرۆگرامی زۆرترین (سۆشیالیزم، دیموكراسیی كۆمەڵگەی بێدەوڵەت). بەپێی مۆرای، ئەم بیرۆكەیە لە ترۆتسكییەوە هاتووە. یارمەتیی خەڵک دەدات تا لە كاتێكدا لە جیهانی ڕاستەقینە و ناشۆڕشگێڕییدا بە كارەوە سەرقاڵن، ئامانج و بنەما درێژخایەنەكانیان بپارێزن.

لە مانگی ئایاری ٢٠٠٤، بۆكچین پەیامێكی بۆ ئۆجالان نارد: «هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی كورد بتوانێت كۆمەڵگەیەكی ئازاد

---

(i) خواوەندێكی دووسەری ڕۆمانییە، بە خواوەندی دەروازە و ڕێڕەوەكان دادەنرێت، كە ڕوویەكی لە ڕابردووە و ڕوویەكی لە ئاییندە.

و دیموکرات درووست بکات و زەمینە بڕەخسێت تا بە ئازادیی بژێنەوە. ئەوان بەختەوەرن کە سەرکردەیەکی وەک ئۆجالانیان بۆ ڕێنموێنییان هەیە «. دواتر، زانیمان ئەم پەیامە لە هاوینی ٢٠٠٤ و لە دووەم کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی گەلی کوردستان لە نێو چیاکان، بە دەنگی بەرز خوێندراوەتەوە.

کاتێک بۆکچین لە تەمموزی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد، کۆنسەی پەکەکە ڕێزی لە «یەکێک لە گەورەترین زانایانی کۆمەڵایەتیی سەدەی بیستەم» گرت. ئەو «بیرکردنەوەی ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی پێ ناساندین» و «یارمەتیی پەرەپێدانی تیۆریی سۆسیالیستیی بوو تا لە سەر بنەمایەکی پتەوتر پێش بکەوێت.» ئەو نیشانی دا چۆن سیستمێکی دیموکراتیی نوێ وەڕاست بگەڕێنرێت. «ئەو چەمکی کۆنفیدراڵیزمی پێشنیاز کردووە،» ئەو مۆدێلەی ئێمە باوەڕمان وایە داهێنەرانەیە و دەکرێت جێبەجێ بکرێت.» هەروەها: «تێزی بۆکچین سەبارەت بە دەوڵەت، دەسەڵات و پلەداریی، لە ڕێی خەباتی ئێمەوە جێبەجێ دەکرێت و بەدی دێت... ئێمە ئەم بەڵێنە دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش وەک یەکەم کۆمەڵگە، کە کۆنفیدراڵیزمێکی دیموکراتیی بەرجەستە دادەمەزرێنێت.“

هیچ ڕێزلێنانێک لەوە زیادتر دڵخۆشی نەدەکرد. تەنیا خۆزگەم ئەوە بوو گوێی لێ بووایە. لەوانەیە بە یەکەم وشەی تۆمارکراوی ئازادیی لای سۆمەرییەکان وەڵامی بدانایەتەوە؛ «ئەمارگیی»!

# Freedom of society

مـجلة حـرية المجتمع،

intellectual, political, social & seasonal magazine


## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەڵا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).


www.KOMELGE.com